لاهوور شێخ جەنگی پەیامێکی لەبارەی هەڵبژاردنەوە باوکردەوە

لاهوور شێخ جەنگی لە نوێترین پەیامی ڤیدیۆیدا لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، "داوا دەکەم لە ئێستاوە بە هیوا و ئومێدێکی زۆرەوە خەتان ساز و ئامادە بکەن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن." دەشڵێت، "زۆر گرنگە بۆ بایەخەوە بۆ ئەو هەڵبژاردنە بڕوانن، کە چەند جارێکە بۆ ئێنقەست و لە ترسی گەڵانکاری دوادەخرێ."

لاهوور شێخ جەنگی دەشڵێت، "ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردوو زۆر هاوکێشەیان لە ناوخۆی هەرێم و واقیعی سیاسیی عێراق و ناوچەکە گۆڕیوە کە وا دەکات دەخی سیاسیی ئێستا و دوو ساڵ لەمەوبەر بۆ تەواوی جیاواز بێت، ئەو جیاوازییەش دەسەڵاتداران پێش خۆک هەستیان پێکردووە، بۆیە هەڵبژاردن دوادەخەن."

دەقی پەیامەکەی لاهوور شێخ جەنگی:

بەناوی پەروەردگاری گەورە و میهرەبان

هاونیشتمانییانی خۆشویست، دڵنگدڕانی هەرەمی کوردستان ئەم کاتەتان باش...

وەک هەموو‌تان ئاگادارن هەرەمی کوردستان بە دەخێکی ناهەمواری سیاسی و ئیداری هەستیار و پڕ لە کێشە و قەیران دا تێپەڕ دەبێت، ژیان و گوزەرانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەوپەڕی خراپیدایە، بەبازاڕی و خراپیی دەخی کاسبکاران و ئیفلیجبوونی زۆرینەی کایەکان و بەهیوابوونی گەنجەکانمان لەمان دەخوازێت، کە بە هەموومان ئەم قەناغە هەستیارە تێپەڕێنین، پێکەوە سەرەتایەکی نوێ دەست پێ بکەین کە ڕێگا لە نغرۆبوونی زیاتر بگرێ و جارێک لە هەستانەوە و سەرپەخستنەوەی ژیانێکی شایستە بە خەڵک جێگیر بکەین، ئەوەش لە ئەستادا تەنیا و تەنیا بە بەشداریکردنی فراوانی ئەوەی دڵنگدەران دەبێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا.

بەم پێیەی دەموو داواتان لێبکەم کە گرنگی لە ئەستاوە بە هیوا و ئومێدێکی زۆرەوە خەتان ساز و ئامادە بکەن بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن، ئەو گەنجانەی یەکەمجاریانە بەشداری دەکەن سەردانی بنکەکانی کەمپینی هەڵبژاردن بکەن و خەیان تەمار بکەن، زۆر گرنگە بە بایەخەوە بە ئەو هەڵبژاردنە بڕوانن، کە چەند جارێکە بە ئینقەست و لە ترسی گەانکاری دوادەخرێ، بەڵام لەو دڵنیابن کە هەر دەبێ بکرێ، لە ئەستاشدا بێ بەدواداچوون و زانیاریانەی لای من هەن، تاکە ڕێگای گەانکاری سندووقەکانی هەڵبژاردنن و کەمەی نوێنەرایەتی مەبەستیەتی هەرەمی کوردستان بڕەو حوکمانییەکی باش بێوات.

ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردوو زۆر هاوکێشەیان لە ناوخۆی هەرەم و واقیعی سیاسیی عێراق و ناوچەکە گۆڕیوە کە وا دەکات دەخی سیاسیی ئەستا و دوو ساڵ لەمەوبەر بە تەواوی جیاواز بێت، ئەو جیاوازییەش دەسەاتداران پێش خەڵک هەستیان پێکردووە، بۆیە هەڵبژاردن دوادەخەن. لەوەش دڵنیابن ئەگەر هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان لە ئاستی عێراق و ناوچەکە و تەنانەت کەمەی نوێنەرایەتی پێ بایەخ نەبوایە فشاریان نەدەکرد بە ئینجامدانی، بە دیوەکەی تریشدا ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە کاریگەر نەبوایە ئەو حیزبانەی ئەستا بە ئەمری واقیع دەسەاتدارن هەندە خەیان لە ئینجامدانی نەدەزییەوە و هەرجارە و بە بیانوویەک دوایان نەدەخست، هەر لەرەشەوە داواکارم سەرکایەتیی هەرەمی کوردستان بزووترین کات کەبێتەوە و وادەیەک بە ئینجامدانی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان دیاری بکات،

داوا لێ کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقیش دەکەم وادەی دەرکردن و نوێکردنەوەی کارتی دەنگدان درێژ بکاتەوە، تا دەرفەت بدرێت بەو دەنگدەرانەی کە هێشتا ناوی خۆیان تۆمار نەکردووە و کارتەکانیان وەرنەگرتتووە.

هاوڵاتیانی خۆشەویست...

ئێستا دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریی حیزبەکانی هەرێم هەرگیز وەک پێشتر نییە، ئێجێندا هەرمایەتییەکان مەترسیدارن، پەرلەمان هەوەشاوەتەوە، حکومەت کاربەدەکەر، فرێشتنی نەوت بە بڕی هاگیراوە، کێشە دارایییەکان لەگەڵ عێراق ئاڵۆزتربوون، مامۆستایان لەسەر شەقامەکانن و ناڕازایەتییان فراوان و فراوانتر دەبێت، خەڵک تەواو بێزار، لە پاڵ هەموو ئەوانەدا دەسەڵاتی سیاسی هێشتا بێناوی شەرعییەتی دەنگی خەڵکەوە لێناوەوە و دەرەوەی هەرێم قسە دەکات، لێرەوەیە بە گرنگی دەزانم لە ڕێگای بەشداری هەڵبژاردنەکانەوە دەرفەتێک هاتتە پێشەوە شەرعییەتی دەنگی خەڵتان بدەن بەو هێزانەی کە پێتان وایە دەتوانن خزمەتتان بکەن و سەرەتایەکی نوێ و جیاواز دەهێننە کایەوە.

دەنگدەرانی ئازیز، بەتایبەت ئەو گەنجانەی کە یەکەمجارتانە بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن، تەنیا دوو ڕۆژ ماوە، کە سەردانی بنکەکانی کەمسیۆنی هەڵبژاردن بکەن و ناوی خۆتان تۆمار بکەن بۆ ئەوەی دەرفەتی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لە دەست نەدەن، سااڵنێکی زۆر تەحەمولی حوکمانییەکی ناتەندروست دەکەن، هەموومان پێکەوە ئەرکمانە شان بدەینە بەر چاککردنی ئەم دۆخە و گەیانەوەی هیوا و هەناسە کایەی سەردەمێک کە حوکمانی لەبری گرووپ و تاقمێک لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا بێت، ڕاستییەکی تەواو حاشاهەڵنەگریشە کە خوای گەورە نە لەخراپەوە بە باش و نە لە باشەوە بە خراپ ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی ناگەڕێ ئەگەر خەڵک خۆی بەو ئەرکە هەڵنەستێت، بەپێ ئەرکی من و ئەوەی کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان و گەنجان و ژنان و مامۆستایان و تەواوی مووچەخۆران و سەرجەم چین و توێژەکانە، کە هەوەبدەین سەرەتایەکی نوێ بە خەڵک و خاکی ئەم هەرێمە دەستپێبکەین، ئەوەش بەرپرسیارێتییەکی دەستجەمعییە و دەبێ هەمووان بە ئەرکی ئینسانی و ئایینی و نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیانی بزانن.

خوای گەورە ئەو و هەرەمی کوردستان و عێراق لە هەموو بڵا و ناخۆشییەک بپارێزێ.

هەر شاد و سەرکەوتووبن.

لاهور شێخ جەنگی